# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

لەندەن \9ئۆكتۆبەری 2006:

## نامەی ئەو پەنابەرانەی بۆ كوردستان دیپۆرت كرانەوە

بەپێ نامەیەك لەكوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوە لەو پەنابەرانەی كە رۆژی 21-11-2005 وە هەروەها رۆژی 5-9-2006 بەزۆرە دیپۆرتی كوردستان كرانەوە بە جا لو بەرگی سەربازی وكەلەپچەكراوی ،ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەپێویستی زانی دەقی ئەو نامەیە وەكو خۆی بلاو بكاتەوە بۆ ئاشكرا كردنی ئەو پێشیلكاریانەی بەرامبەر بە پەنابەرانی كورد كراوە ، هاوكات بەرای گشتی رادەگەیەنین ئەم نامەیە وەكو خۆی رۆژی 11-10-2006 تەسلیم بە پەرلەمانی ئەوروپا دەكرێت.

### بەتووندی نارەزایەتی خۆمان دژ بە حكومەتی بەریتانیا دەردەبرین!

**بۆ فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

بەسلاویكی گەرم

بەرێزان ئێمە كۆمەڵێك گەنج كە لەماوەی ساڵێكەوە تا 8 ساڵ بەهۆی بارودۆخی خراپی سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی كوردستانەوە ناچاربووین رووبكەینە هەندەران بە مەبەستی بەهرەمەندبوون لە ژیانێكی ئینسانی ودوور لە ستەم و چەوسانەوە، سەرئەنجام لەوولاتی بەریتانیا گیرساینەوە.

بەلام دواتر پاش چەندین ساڵ چاوەڕانی و دووری لە دۆست و ئازیزانمان، ئێمەیان بە زۆرو بە دوور لە هەر پرانسیپ و یاساو ڕیسایەكی ئینسانی بەشێوەیەكی زۆر نائینسانی سنووورداشی كوردستان كردەوە. ئەمە لەكاتێكدابوو كە ژمارەیەك لە ئێمە پاش چەندین مانگ چاوەڕوانی لەزیندان ، پاش ئەوەی كە هەرجۆرە سووكایەتیەكمان پێكراو لە پالیشدا ئازاری نەفسی و تەنانەت هەندیك جار ئازاری فیزیكیش دەدراین. لەگەل ئەمانەدا ئێمە بە درێژی ئەو ماوەی كە لە زیندانا بووین لە ژوورێكی تەنیاداو بەدوور لەهەرجۆرە ئیمكانات و پیداویستیەك و بەدوور لە ڕۆژنامەو گۆڤارو تەنانەت هەولدان بۆ دابڕنمان لە دنیای دەرەوەی خۆمان و ڕێگەنەدان بە سەردانمان بۆ زیندان. بەبرسیەتی و بە سكی خالّی لە زیندانا هێلاینیانەوە تا سەرئەنجام دۆخێكیان خولقاندن كە ژمارەیە لەئێمە بەناچار بۆ ڕزگاربوون لەو وەزعە پەنای بۆ خۆكوشتن دەبرد. پاشان دواتر لەماوەی دوو مانگی ڕابردودا بە چەند وەجبەیەك ئێمەیان بە زۆر ناردەوە. جێ خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەك بە چۆنیەتی دیپۆرتكردنەوەمان بكەین كە زیاتر لە هەر شتێك وەك كەسانی تاونبارو یا دروستربلێن وەك تاوانبارانی جەنگ مامەڵەیان لەگەلدا دەكردین. ئەو ڕۆژەی كە ئێمەیان بردەوە بۆ فرۆكەخانەكە هەریەك لە ئێمە كەلەبجەی لە دەستكراوەو بەرگی گولەنەبڕیان كردە بەرمان و بۆ هەر كەسێك دوو یاساولّی سەربازی لەگەلمان داناو بەتەیارەی سەربازی ناردنیانینەوە بۆ كوردستان. تەنانەت بۆ وەجبەیەك لە ئێمە وەرقەی تەزویریان درستكردوە كە نووسراوە ئەو كەسانە ماوەی ئیقامەیان تەواوبووەو دەبێت بگەڕێنەوە. لەمبارەوە ئێمە ئامادەین كە بەلگەنامەی خۆمان بخەینە بەردەست . ئیدعای پاساوەكانی حكومەتی بەریتانیا لە پەیوەند بە ناردنەوەی ئێمە زیاد لە هەر شتێك ئەوەیە كە گوایە كوردستان ئەمن و ئاسایشە، بەلام بەڕاستی ئەمە لە درۆیەكی گەورە زیاتر هیچی تر نیە. دلنیاین كە خۆتان و زۆرێك لە ڕێكخراوە ئینسان دۆستەكانی تر ئاگاداری ئەوەن كە ئەمڕۆ لەكوردستان ئەگەر گەنجانێك كە خۆپیشانندان دەكەن بۆ دابینكردنی ئاوو كارەباو سووتەمەنی ئەوا ڕووبەڕووی توندوتیژی و گرتن و تەقەلێكردن و سووكایەتی پێكردن دەبنەوە. كە ڕەنگە دەستگیركردنی سەدان كەس لەماوەی دوو مانگی ڕابردودا بۆ مەبەستە بەلگەنەویستێكی ڕۆشنبێت.

بەڕێزان لە کۆتایدا دەمانەوێت بڵێن کە پەردە هەڵماڵین لە ڕووی هەموو دەستدرێژیەکانی حکومەتی بەریتانیاو ناچارکردنی بە پاشەکشەکردن سەبارەت بەسنووورداشکردنەوەی هەموو ئەو پەنابەرانەی کە ئێستە لەبەرەم مەترسی دیپورکردنەوەدا کاری گەورەو گرانی ئیوەیەو دەبێت سنوورێك بۆ ئەم پیشکیارایانەو بۆ ئەو هەموو سووکایەتی پێکردنە بەئێمەی پەنابەرانی کورد دابنریت. بۆیە لەمبارەوە ئێمە ئەم نامەیەمان وەك شکاتنامەیەك لەڕۆشنەکانی حکومەتی بەریتانیا سەبارەت بە سنورداشکردنەوەمان نارد بۆتان تا بەدواچوون و لێپسرینەوەیەکی جدیتان لەو بارەوە هەبێت

.

بەهیواین کەئێوە لەئاست ئەو ئەمەسولیەتەدابن کە دەنگی ناڕەزایەتیمان بگەیەنن بەهەموو لایەك وداکۆکی لە بەهاو حورمەتی ئینسانیمان بکەن!

ناو پیشە دانیشتوان

1. بەڵێن سابیر میکانیك سلیمانی
2. محمود محمد رەشید بیکار شارباژێر
3. سەرکەوت محمەد بیکار سلیمانی
4. بەهادین عبدللە ئەبدول بیکار سلیمانی

5-شەمال حمە ئەحمەد خویندکار دەربەندیخان

6-کاروان فەتاح

7-ماکوان فرج امین

8-کاوە احمد

9-بورهان نامق

10محمود محمد احمد

**بۆ زانیاری زیاتر لە کوردستان پەیوەندی بکەن بە (ریبوار عارف) بە ژمارە تەلەفونی (009647702142843)**

---

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com Dashty Jamal: Mobile: 00447856032991**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk mobile: 07877489626 **or** 07866757213 Office: 0161 234 2784